ناساندن

حەنان ئەلشێخ:

# ئێمە میللەتێکی چەپێنراوین و ئاتاجی نووسینی سێکسیین

وەرگێڕانی: هێمن کەمال

رۆمانووسی لوبنانی حەنان ئەلشێخ لە ساڵی ١٩٤٥دا لە بەیرووت هاتووەتە دنیاوە. یەکەمین رۆمانی خۆی لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا نووسیوە



رۆمـاننووسـی لوبنانی حـەنان ئەلشـێخ لە سـاڵی ١٩٤٥دا لە بەیرووت هـاتووەتە دنیـاوە. یەکەمین رۆمانی خۆی لە تەمـەنی سێزدە ساڵیدا نووسیوە. لە سۆنگەی شەڕی ناوخۆوە لە قاهیرە خـوێندنی تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٨٤ـەوە لە لەندەن دەژێت. رۆمانـەکانی بۆ بیست و یەک زمان وەرگێڕراون. گرینگترین رۆمـانی "چیرۆکی زەهرە"یـە. کە باس لە شـەڕی ناوخۆی لوبنان دەکات.

* چی لەبارەی دوایەمین رۆمانتەوە "سەرهاتی من درێژە دەکێشێت" دەڵێیت؟

– ئەو رۆمـانە ژیننـامـەی خـاتوو "کـامیلە"ی دایکمـە، حـەزم کـرد هـەر لە مـنداڵییـەوە تاکو مـردنـی، سـەرهـاتی ژیانی بـنووسـمـەوە، چـونکە زۆرم خـۆشـدەویست و شـایانـی ئەوە بوو لە رۆمـانێکدا ناوی بێت. چونکە رووداوە پڕ لە ئـازارەکـانی لەگـەڵ جـیـابوونەوەی لـە بابم، حـەزکردنـی لە پیاوێکی تر و شووکردنی پێی، وای لێ کـردم لێی دوور بکەومـەوە. ئەو کـاتی دایکم مـاڵی جێهێشت و شووی بەدۆسـتەکەی کـرد، من تەمـەنم پێنج سـاڵان بوو. چوون من بەنووسینـەوەی ژیننامەی بارێکی قـورس لەسـەر ویژدانی هـەڵگرم، بۆ مـاوەی چوار سـاڵ ئەو قسـانـی دەکرد و منیش لـەسـەر کـاغـەز یادەوەرییـە تاڵ و شیـرنـەکـاینم دەنووسـییـەوە، تاکو رۆمانەکە هاتە بەرهەم.

* داخـۆ حـەنان ئـەلشـەیخ تـەنیا رۆمـان لەبارەی خـۆی و ئەو کـەسـایەتییـانەوە دەنووسێت، کـە دەیانناسـێت، واتا رۆمـانـنووس شـتێک دەنووسـێـتـەوە بەدەر لە خودی خۆی؟

– بێگومــان خــۆی و ئەوانی دی دەنـووســێــتــەوە، چونکە بیــردەکــاتەوە و پێـوەندیی بەشتەکانەوە دەکات و کاریگەریی رووداوەکانی دەوروبەر بەسەریەوەن، چ جەنگ بێت، یاخۆ رەوشـی ئافرەتان و دۆخە سیـاسییەکە بەگشتی، ئیلهام لە دنیـا و شـوێنەکانەوە وەردەگرێت، نـەک تەنیـا کـەسـەکان، نووسـەر کـەسـەکـان دەدۆزێتەوە و بەڕادەیەک دەیـانـخولٔقێنێت وای لێ دێت هـەندێک جار نووسـەرەکە خۆی دەبێتە ئەو کاراکتەرەی خۆڵقـاندوویەتی، بۆیە وەک ئەو دەجووڵێتەوە و وەک ئەویش دەژێت.

* کەواتە دەتوانین بڵێین "چیرۆکی زەهرە" سەرگوزشتەی خۆتە؟

– نـا، هـەرگیز سـەرهـاتی من نییە. چیـرۆکی کۆمەڵگەیە. بەر لە هـەفتـەیەک بۆ وتووێژ لەگەڵ خـوێندکارانـدا چووم بۆ زانکۆی لەندەن. لەوێ زانیم تائێسـتـاش "چیـرۆکی زەهرە" دەخـوێنن،

سـەیرم هاتـێ. وڵامـی مـامـۆسـتـاکـان ئەوەبوو، ئەم ڕۆمـانە گـەواهیـدەری ڕەوشـی ئـافـرەتانە لـە جـیـهـانـی عـەرەبی و هەندێک لە وڵاتـانی ڕۆژئاوا، لـەو شـوێنانەی بارودۆخـەکـە ڕێگەی کرانەوەی نەداوەتێ، تاکو شـتێک لە ژیانیدا ئەنجام بدات.

* ئەمڕۆ واقیعی ڕۆمانی عەرەبی چۆن دەبینیت، ئاخۆ خۆی لە قەرەی هەموو ئەو بابەتانە داوە، کە بەلای خوێنەری عەرەبەوە گرینگن؟

– ڕۆمانی عەرەبی پێشکەوتووە و هەمەچەشنی تێدا بەدی دەکرێت، لە هەر وڵاتێکدا نووسەران سیمای ڕۆمانەکانیان دادەنێن، ئەوەتا ڕۆمـانـی فـەلەسـتـینی و هەروەها ڕۆمـانـی میسری هەیە، منیش لە نێوان "چیرۆکی زهرە" و "میسکی ئاسک"دا کۆمەڵە چیرۆکێکم بڵاو کردەوە لە لوبنانی جەنگ و لە ژیانـی خـۆم لە کـەنداوەوە هەڵێنجـاون، هەروەها لە سەفەرەکانم لە بۆ عومان و میسر. جگە لەو یەمەنەی زۆری پێ بەخشـیم. لە نێویاندا هەشت وتار وەکو چیرۆک چاپم کردوون لە ڕۆژنامەی "النهار"دا بڵاوم کردوونەتەوە. ئەو کات نیمچە پەیامنێر بووم لە شەقامەکاندا پرسیارم لە خەڵکی دەکـرد. دەچووم بـۆ مـاڵیـان، هەروەها چووم بۆ قوتابخانەیەکی ئەمەریکایی مامۆستایەکی ئەمەریکایی لێ بوو، بەزمانی عەرەبی قسانی دەکرد. لەوەوە زانیم جیهانی ڕۆژئاوا وادەزانێت جیهانی عەرەب موسڵمانن و کرستیانی تێدا نییە. ئەو مامۆستایە وەکو مسیۆنێرێک بەگوندەکاندا دەسووڕایەوە، هەروەها لە گوندییەکانەوە زانیم گاڵتە بەو نێردانە دەکەن و لە بەرابەر ئەو دیارییانەی دەیدەن، وەکو دەفتەر و پێنووس و شتی دی، وایان تێ دەگەیەنن بڕوایان پێیان هێناوە. لەم ئەزموونەوە "سەنعا پێویستە گەر گەشتەکە درێژەشی کێشا"م نووسی.

**" چیرۆکی زهرە" و " میسکی ئاسک" دا کۆمەڵە چیرۆکێکم بڵاو کردەوە لە لوبنانی جەنگ و لە ژیانی خۆم لە کەنداوەوە هەڵێنجاون**

**شوورەیی نییە گەر لەسەر سێکس بنووسین، لە کاتێکدا ئێمە میللەتێکی چەپێنراوین و پێویستمان بەنووسینی سێکسییە**

* رات چییە لەسەر ئەوەی نووسەران لە رۆماندا بۆ راکێشانی خوێنەر بەلای خۆیاندا پەنا بۆ سێکس دەبەن؟

– سێکس لە رۆماندا بەپێی سەمت "سیاق" و پێویستی دەبێت، ئەمەش واقعێکی هەست پێکراوە لە ژیانماندا، شوورەیی نییە گەر لەسەر سێکس بنووسین، لە کاتێکدا ئێمە میللەتێکی چەپێنراوین و پێویستمان بەنووسینی سێکسییە. من تا نووکەش رۆمانێکی عەرەبیم نەخوێندووەتەوە تێیدا نووسەر پشت بەسێکس ببەستێت.

* تاکەی نووسەری عەرەب لە هەمبەر رووداوەکانی رابردووەوە دەنووسێت، ئەی ئەم واقعەی تێیدا دەژین نابێتە مادەیەکی بەپیت بۆ کاری رۆمان؟

– لەگەڵ رایەکەتدام، وابزانم ئەو رەوشەی پێیدا تێ دەپەڕین وەکو پێویست دەنووسرێتەوە، ئەمڕۆ باوی رۆمانی مێژوویی و بیرکردنەوە لە رابردوو نەماوە، من حەزدەکەم لەسەر ئێستا بنووسم، کە تێیدا دەژین، هەر ئەمەشە لە رۆمانی " ئەمە لەندەنە ئازیزم"دا رووی داوە، من حەزم بەوە نییە رابردوو بگەڕێنرێتەوە. ئەو رۆمانەشی ئێستا دەوروخولی ئاوەزم دەدات لە هەمبەر ئەم بارودۆخەیە، کە تێیدا دەژین، سەبارەت بەتیرۆر و بن لادن و ئیسلامە.

* لەمێژە حەنان ئەلشێخ لە لەندەندا دەژێت، لێرە لە بەیرووت رۆشنبیران چۆنت پێشوازی لێ دەکەن، ئایا بەلای تۆوە بەیرووت تەنیا بووەتە وێستگەیەک بۆ چاپکردنی کتێبەکانت؟

– وابزانم من لە دەرەوەی کەشوهەوای رۆشنبیریم لە لوبنان، سالانێکی زۆرە دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام کاتێک دەگەڕێمەوە پێشوازییەکی گەرم بەدی دەکەم و دەبینم بەهەڵپەوەن بۆ کارە نوێیەکەم، بەو دەلیلەی دواهەمین رۆمانم پڕفرۆشترین کتێب بوو، ئەمەش مایەی دڵخۆشیمە، هەرچی بەیرووتە من بەردەوام سەردانیی دەکەم، بەڵام بەیرووتە کۆنەکە نابینمەوە، کە ئاشنای بووم، بەیرووتێکی تر دەبینمەوە، کە نایناسم، ئەو بەیرووتەی لە یادەوەریمدایە بەیرووتە کۆنەکەیە، بۆیە کاتێک رۆمانی "پۆستەی بەیرووت"م لەسەر شێوازی نامە نووسی، چونکە من لە تاراوگەم و بەردەوام پێوەندیشم لەگەڵ بەیرووتدا هەیە لە رێگەی نامەکانەوە، بەڵام ئێستا زوو زوو سەر لە بەیرووت دەدەم، چونکە تێیدا بوومە خاوەن خانوو.

سەرچاوە: جریدة "الراية"– بیروت/ رحاب الضاهر